٦٧

زنجیرە ڕێنماییەکانی دێرین

مافەکانی نێوان ژن و مێرد

ئامادەکردنی

م. هەڵگورد مصطفى گەلاڵەیی

١

ژمارەی مۆڵەت

پێشەكی

الحمدلله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين .

بە پشتیوانی خوای گەورە لەم نامیلكەیە دا بە بەڵگەی قورئان و سوننەت باسی ئەو مافانە دەكەین كەوا واجبە لەسەر پیاو بەرامبەر بە خێزانەكەی جێ بەجێیان بكات وە بە هەمان شێوەش ئەو مافانەی لەسەر ئافرەت واجبە بەرامبەر پیاوەكەی جێ بەجێیان بكات .

((مافەكانی ژن بەسەر مێردەكەیەوە))

١) مارەیی : لەسەر پیاو واجبە لە دوای گرێبەستی هاوسەرگیری مارەیی بداتە خێزانەكەی ، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَءَاتُواْ ٱلنِّسَآءَ صَدُقَٰتِهِنَّ نِحۡلَةٗۚ فَإِن طِبۡنَ لَكُمۡ عَن شَيۡءٖ مِّنۡهُ نَفۡسٗا فَكُلُوهُ هَنِيٓـٔٗا مَّرِيٓـٔٗا﴾ **سورة النساء: ٤.**

واتە: مارەیی ئافرەتان بدەن بەو پەڕی دڵفراوانی و ئاسوودەییەوە ، ئەگەر بە ئارەزوو و ویستی خۆیان دەستیان هەڵگرت لە هەندێك مارەیی و بەخشیان بە ئێوە ، ئێوە بۆتان هەیە بیخۆن و بەكاری بهێنن و بەبێ دو دڵی نۆشی بكەن .

ئەم مارەیە تایبەت موڵكی ئافرەتە و پیاوەكە بۆی نیە بەبێ ئیزنی خێزانەكەی دەستكاری بكات و بەكاری بهێنێت .

٢) جێ بەجێ كردنی پێداویستیەكانی وەكو خواردن و خواردنەوە و جل و بەرگ و چارەسەری نەخۆشی و گشت ئەو شتانەی پێویستیەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەیەكی صەحیحدا فەرموویەتی: ﴿وَلَهُنَّ عَلَيْكُمْ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ﴾. **مسلم: ١٢١٨.**

واتە: رزق و خۆراكی خێزانەكانتان لەسەر ئێوەیە ، وە بە هەمان شێوە جل و بەرگ و پۆشاكیشیان بەشێوەیەكی باش و جوان لەسەر ئێوەیە .

وە لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە عائیشەی دایکی باوەڕداران (ڕەزای خوای گەورەی لێبێت) فەرموویەتی: ﴿جَاءَتْ هِنْدٌ إِلَى النَّبِيِّ ﷺ ، فَقَالَتْ : يَا رَسُولَ اللهِ ، إِنَّ أَبَا سُفْيَانَ رَجُلٌ شَحِيحٌ ، فَلاَ يُعْطِينِي مَا يَكْفِينِي وَوَلَدِي ، إِلاَّ مَا أَخَذْتُ مِنْ مَالِهِ وَهُوَ لاَ يَعْلَمُ ، فَقَالَ : خُذِي مَا يَكْفِيكِ وَوَلَدَكِ بِالْمَعْرُوفِ﴾ رواه البخاري:٤٩ ، ومسلم: ١٧١٤.

واتە: هیندی کچی عوتبە خێزانی ئەبو سوفیان هاتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بەڕاستی ئەبو سوفیان پیاوێکی بەخیل و ڕەزیلە ئەوەندە پارەمان پێ نادات بەشی خۆم و منداڵەکەم بکات ئیلا ئەگەر بەبێ ئاگای ئەو لە پارە و سامانەکەی ببەم ئایە لەم کارەدا تاوانم بۆ هەیە؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەوەندە لە ماڵەکەی ببە کە بەشی خۆت و منداڵەکەت بکات (واتە زیاد لە پێویست نەبەی ئەگەر نا تاوانبار دەبی).

٣) جێ بەجێ کردنی شوێنی مانەوەو حەوانە: پیاو واجبە لەسەری بە گوێرەی توانای خانووێك شوێنێکی حەوانەوەو مانەوە بۆ خێزانەکەی ئامادە بکات، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَسْكِنُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ سَكَنْتُمْ مِنْ وُجْدِكُمْ﴾ سورة الطلاق: ٦.

واتە: بەگوێرەی تواناتان جێگەو ڕێگایان بۆ دابین بکەن.

٤) ڕێزگرتن و نەرم و نیانی و چاك بوون لەگەڵی: واجبە لەسەر پیاو ڕەوشتی بەرامبەر بە خێزانەکەی جوان بێت و نەرم و نیان بێت لەگەڵی، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ﴾ سورة النساء: ١٩، واتە: بەشێوەیەکی جوان هەڵسوکەوت و مامەڵەیان لەگەڵ بکەن و باشبن لەگەڵیان.

وە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿وَلَهُنَّ مِثْلُ ٱلَّذِى عَلَيْهِنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ ﴿٢٢٨﴾﴾ البقره: ٢٢٨.

واتە: بۆ ئافرەتان بەشێوەیەکی جوان مافیان هەیە لەسەر پیاوەکانیان هەروەکو چۆن پیاوان ئەو مافەیان لەسەر ئەوان هەیە (کە دەبێت بەشێوەیەکی جوان هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکتریدا بکەن)، وە هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

﴿وَاسْتَوْصُوا بِالنِّسَاءِ﴾ **رواه البخاري: ٣١٥٣ ومسلم: ١٤٦٨**.

واتە: ئامۆژگاریتان دەکەم لەگەڵ خێزانەکانتان باش بن.

٥) پاراستنی خێزان لە زەرەرو زیان پێ گەیاندن: لەسەر پیاو واجبە خۆی بپارێزێت لە گەیاندنی زەرەرو زیان بە خێزانەکەی، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ﴿لاَ ضَرَرَ وَلاَ ضِرَارَ﴾ **ابن ماجة: ٢٣٤**. واتە: نە زەرەرو زیان لە خۆت بدە نە لە غەیری خۆتیش بدە.

٦) فێرکردن و ئامۆژگاری کردنی خێزان بۆ گشت کردەوەیەکی باش و دوور خستنەوەیان لە گشت کردەوەیەکی خراپ، لەسەر پیاو واجبە بەشێوەیەکی نەرم و نیان فەرمانی کاری چاك بەخێزانەکەی بکات و ڕێگری لە کردەوەی خرا پیشی لێ بکات، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَأَهۡلِيكُمۡ نَارٗا وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلۡحِجَارَةُ عَلَيۡهَا مَلَٰٓئِكَةٌ غِلَاظٞ شِدَادٞ لَّا يَعۡصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمۡ وَيَفۡعَلُونَ مَا يُؤۡمَرُونَ ٦ ﴾ **التحريم: ٦**.

واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە خۆتان و ژن و ماڵ و کەس و کارتان بپارێزن لە ئاگرێك کە سووتەمەنیەکەی جەستە و لاشەی مرۆڤی کافر و بەردە، کۆمەڵە فریشتەیەکی تووند و تیژ بەسەریەوەن، بێ فەرمانی خوا ناکەن لەهەر شتێك فەرمانیان پێبکات، وە هەرفەرمانێکیان پێ بسپێردرێن بەخێرایی ئەنجامی دەدەن.

٧) ڕێزگرتن لە خزم و کەس و کاری: واجبە لەسەر پیاو سیلەی ڕەحم بەرامبەر بە کەسە نزیکەکانی خێزانی جێ بەجێ بکات وە یارمەتیان بدات و ڕێگری لە خێزانی نەکات بۆ سەر دانی کردنیان .

٨) ئەگەر پیاو زیاتر لە خێزانێکی هەبوو واجبە لەسەری دادپەروەری لە نێوانیاندا بکات لە خواردن و پۆشاك و ڕووخۆشی و سەرجێی و سەفەرکردن و باقی شتەکانی تر ، ئەگەر دادپەروەر نەبێت لە نێوانیان ئەوە لە ڕۆژی دواییدا لاشەی خوار دەبێت و لایەکی نزمتر دەبێت و شایستەی سزای خوای گەورەیە .

٩) پێویستە پیاو وە ئافرەتیش بەهۆی هەندێك هەڵەوە یەکسەر خێزانەکەی لەبەر دڵ ڕەش نەبێت چونکە ئەگەر هەندێك هەڵەشی هەبێت بێگومان چاکەی زۆریشی هەیە بۆیە پێویستە چاکەکانیان لەبیر نەکەن ، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ﴿لَا يَفْرَكْ مُؤْمِنٌ مُؤْمِنَةً إِنْ كَرِهَ مِنْهَا خُلُقًا رَضِيَ مِنْهَا آخَرَ﴾ رواه مسلم- كتاب الرضاع- باب الوصية بالنساء- ٢٦٧٢. واتە: با پیاوی ئیماندار ڕق هەڵنەگرێت لە ئافرەتی ئیماندار ئەگەر ڕەوشتێکی پێ ناخۆش بوو ، ئەوە با کارە چاکەکانی لەبیر نەکات و پێی ڕازی بێت .

١٠) واجبە لەسەر هەردووکیان خیانەتی زەوجی نەکەن و خۆیان لە نەزەر و پەیوەندی ناشەرعی بپارێزن ئەگەرنا گوناهبار و زەرەرمەندی دونیا و قیامەت دەبن .

١١) پێویستە پیاو خۆی بۆ خێزانەکەی بڕازێنێتەوە هەروەکو چۆن حەز دەکات خێزانی خۆی بۆ بڕازێنێتەوە .

((مافەکانی پیاو بەسەر خێزانەکەیەوە))

هەروەکو چۆن ئافرەت چەند مافێکی بەسەر پیاوەکەیەوە هەیە بە هەمان شێوە پیاویش چەند مافێکی بەسەر خێزانەکەیەوە هەیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَلَهُنَّ مِثْلُ ٱلَّذِى عَلَيْهِنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ ﴿٢٢٨﴾ ﴾ البقره:٢٢٨.

واتە: ئافرەتانیش مافی مێردەکانیان لەسەرە بە باشترین شێوە جێ بەجێ بکەن هەروەکو چۆن پیاوانیش مافی خێزانەکانیان لەسەرە بە جوانترین شێوە جێ بەجێ بکەن .

مافەکانی پیاو بەسەر خێزانەکەیەوە بریتی یە لە:

١) بەڕێوەبردنی ماڵەوەو گوێڕایەڵی کردنی لە هەموو شتێکی چاکدا ، بەڕێوەبردنی ماڵ دەبێت بەدەست پیاوەبێت و خێزانەکەشی لە گشت فرمانە شەرعیەکانی گوێڕایەڵی بکات ، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ ﴿٣٤﴾ ﴾ النساء:٣٤.

واتە: پیاوان بەڕێوەبەرێتیان بەسەر ژنانەوە هەیە ، دەتوانن چاودێریان بکەن ، ژنانیش دەبێ بە پێی پلان و نەخشەی ئەوان ڕەفتار بکەن .

٢) ئافرەت دەبێت بۆ کاری سەرجێیی گوێڕایەڵی مێردەکەی بکات و بەبێ عوزری شەرعی گوێڕایەڵی نەکات تاوانبار دەبێت و دەکەوێتە ژێر نەفرەتی فریشتەکان ، پێغەمبەری خوا ~ فەرموویەتی: «إِذَا دَعَا الرَّجُلُ امْرَأَتَهُ إِلَى فِرَاشِهِ فَلَمْ تَأْتِهِ فَبَاتَ غَضْبَانَ عَلَيْهَا لَعَنَتْهَا الْمَلَائِكَةُ حَتَّى تُصْبِحَ» البخاري: ٣٠٦٥.

واتە: ئەگەر پیاو بانگی خێزانەکەی کرد بۆ سەر جێگای بەلاَم ئافرەتەکە ڕێگر بوو وەلاَمی نەدایەوە ، پیاوەکەی بە تووڕەبوون لێی شەو بمێنێتەوە فریشتەکان هەتا

بەیانی نەفرەتی لیٚ دەکەن و دوعای لیٚ دەکەن بۆ ئەوەی لە ڕەحمی خوای گەورە بە دوور بێت .

٣) ئافرەت نابێت بەبیٚ ئیزنی مێردەکەی ڕۆژی سوننەت بگرێت کاتێك مێردەکەی لە ماڵەوەیە، وە نابێت ڕێگای هاتنی کەسێکی خراپ بدات کە مێردەکەی حەزی لێنیە ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ﴿لا يَحِلُّ لِلْمَرْأَةِ أَنْ تَصُومَ وَزَوْجُهَا شَاهِدٌ إِلا بِإِذْنِهِ، وَلَا تَأْذَنَ فِي بَيْتِهِ إِلَّا بِإِذْنِهِ﴾ البخاري: ٤٨٩٩.

واتە: بۆ ئافرەت حەلاڵ نیە ڕۆژووی سونەت بگرێت لەوکاتەی مێردی ئامادەیە ئیلا بە ئیزنی ئەو نەبێت ، وە نابێت ڕێگە بە کەسێك بدات کە مێردەکەی حەزی لیٚ نیە ئیلا بە ئیزنی ئەو نەبێت .

٤) مافێکی تری مێرد بەسەر خێزانەکەی ئەوەیە ، ئافرەت دەبێت ئیزن لە مێردەکەی وەربگرێت ئینجا بچێتە دەرەوە ، بەبیٚ ئیزنی مێردەکەی دروست نیە و گوناهبار دەبێت .

٥) لەو کاتانەی ئافرەت لەکاری شەرعیدا گوێڕایەڵی مێردەکەی ناکات مێردەکەی بۆی هەیە سەرەتا ئامۆژگاری بکات ماوەیەك ئەگەر هەر سوودی نەبوو هەجری سەرجێی لەگەڵ بکات ئەگەر ئەوەش سوودی نەبوو لێی بدات بەلاٚم لێدانێك نەبێت بریندار بکات یان ئیسقانی بشکێنێت یان لە ڕوخساری بدات ، تەنها بۆ تەربیەت کردن و پەشیمان کردنەوەی بۆی هەیە ئەمە بکات ، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَٱلَّٰتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَٱهْجُرُوهُنَّ فِي ٱلْمَضَاجِعِ وَٱضْرِبُوهُنَّ ﴿٣٤﴾﴾ النساء: ٣٤.

واتە: ئەو ئافرەتانەی لەسەر کەشی و سەر پێچیان دەترسن سەرەتا ئامۆژگاریان بکەن و بەخوای گەورە بیان ترسێنن ، ئەگەر سوودی نەبوو ئەوە لەسەر جێگادا پشتیان لیٚ بکەن ، ئەگەر ئەوەش سوودی نەبوو ئەوە بە سوکی لێیان بدەن بە مەرجێك لە دەم و چاو نەبێت وە بریندار کەرو ئێسقان شکێنیش نەبێت .

٦) مافێکی تری پیاو بەسەر خێزانەکەی ئەوەیە خزمەتی بکات و خواردن و کاروباری ماڵەوەی بە گوێرەی توانای بۆ بەڕێوە ببات هەروەکو چۆن پیاو دەبێت کاروباری دەرەوەی ماڵ بەڕێوە ببات بۆ بژێوی خۆی و خێزان و منداڵەکانی .

٧) ئافرەت دەبێت نهێنیەکانی مێردی بپارێزێت و باسی نەکات ئیلا بە ڕەزامەندی ئەو نەبێت .

٨) مافێکی تری ئەوەیە دەبێت خێزانەکەی پارێزگاری لە ماڵ و سامانی بکات و بەبێ ئیزنی ئەو دەستکاری نەکات و سەرفی نەکات ، ئیلا ئەگەر مێردەکەی زۆر ڕەزیل بوو لەوکات دروستە بە ئەندازەی پێویستی بەبێ زیاد لێی ببات و بەکاری بهێنێت .

٩) مافێکی تری ئەوەیە ئافرەت دەبێت خۆی بۆ پیاوەکەی بڕازێنێتەوە و بە ڕوویەکی خۆشەوە هەڵس و کەوتی لەگەڵ بکات .

١٠) مافێکی تری ئەوەیە نابێت ئافرەت باسی سەرجێی بۆ خەڵکی بکات و دەبێت لە خوای گەورە بترسێت .

١١) مافێکی تری ئەوەیە لەسەر خۆ و ئارامگر بێت لەکاتی ناخۆشی و فەقیریش لەگەڵ مێردەکەی بەردەوام بێت ئەرکی مێردەکەی قورس نەکات و یارمەتی بدات و دڵی بداتەوە بە ئارامگرتن و ڕازیبوون بەو بەشەی خوای گەورە پێی بەخشیوە .

لە کۆتاییدا دەڵێم پێویستە ژن و مێرد مافەکانی یەکتری بپارێزن و ئەنجامیان بدەن و یەکتر لە هەڵە و کەم و کوڕی ڕاست بکەنەوەو یارمەتی یەکتر بدەن ، لەکاتی خۆشی و ناخۆشی پشتیوانی یەکتر بن و لەهەڵەکانی یەکتر ببورن و نەیەڵن شەیتان بێتە نێوانیان و پەیوەندیان تێك نەدات .

خوای گەورە بەختەوەری و کامەرانی بە هەموو ژن و مێردێك ببەخشێت و لەگشت ناخۆشیەك بیان پارێزێت .

٦ محرم ١٤٣٧هـ – سۆران - ٢٠١٥/١٠/١٩م